# پێگەیشتن بە سوسیالیزم

**بەشی شەشەم**

**نووسینی: هێری مێگداف، فێرد مێگداف**
**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**




## دەسەڵاتداریی خەڵک

یەکێک لە گرینگترین گرفتەکانی دەورانی تێپەربوون بەرەو سوسیالیزم و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە لە رەوتی راگوێزان و گەراندنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی بۆ خەڵک چۆن دەکرێ و دەتواندرێ قەوارەی پلەبەندیی کۆمەڵگا لەنێو ببرردرێ. بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییە بنەرەتیەکانی خەڵک ماوەیەکی زۆری دەوێ. هەرخێرا بەرابەری و یەکسانی راستەقینە لە دەست پێراگەیشتنی هەموو کۆمەڵانی خەڵک بە پێداویستییە مادییەکانی وەک ماڵ، ماشێن، فێرکردن و بارهێنان و خزماتگوزاری پزشکی و... بەدیی نایەت، بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە خۆ دەبێ هەر لەسەرەتاوە هەنگاوانی جیدی لەو پێناوەدا دەست پێبکرێ.

هەر بەوجۆرەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد روناکبیران و پسپۆران ناتوانن هەر خۆیان گەڵاڵەیەک بۆ کۆمەڵگای نوێ داریژن، ئەمە کارێکە کە دەبێ خەڵک بۆخۆی بە بەشداری کاریگەر و راستەقینەیان ئەنجامی بدەن. دەکرێ زنجیرەیەک بابەتی بنەرەتی بۆ هاویشتنی هەنگاوە سەرەتایی و هەرە پێویستەکان پێشنیار بکرێ. لێرەدا گرینگترین بابەت ئەوەیە کە دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا پێداویستییە سەرەتاییەکانی هەژارترین کۆمەڵانی خەڵک لە بواری خانوبەرە، خواردن، فێرکردن و بارهێنان و خزمەتگوزاری پزشکی دابین بکرێن. بەڵام وردەکارییەکانی جۆری ئەو پێداویستییانەش دەبێ لە لایەن خەڵکەوە دیاری بکرێن. زۆر گرێ پوچکە و گرفتی جۆربەجۆری دیکەش هەن کە دەبێ هەر ئەم خەڵکە بە بەشداری کاریگەری خۆیان بە وردی قسەی لێبکەن، شیی بکەنەوە و رێگا چارەی بۆ ببیننەوە. بۆ نمونە چۆن دەبێ گەڵاڵەی شارەکان دابرێژرێ و بەرێوە بچێ کە چاکتر شیاوی ژیان بێ. یان چ جۆرە هۆکارێکی راگوێزانی گشتی لە ناوچە و مەڵبەند یان لە ئاستی سەرانسەری و نێونەتەوەیی پێویستن و هی تر. ئەگەر بێتوو ئەو جۆرە گیروگرفت و بابەتانە قسەی لێوە نەکرێ، شیی نەکرێنەوە و نەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، خەڵک قەت ناتوانن دەستیان بە زانیاری و وردبینی پێویست بۆ راماڵینی گیروگرفتەکان رابگا و ئەزمونی پێویستیش لەو بابەتانەوە بە دەست ناهێنن، هەتا بتوانن دەسەڵاتی راستەقینە بەدەستەوە بگرن و کۆمەڵگایەکی نوێ دابرێژن.

راگوێزانی راستەقینەی دەسەڵاتی بریاردان لە هەموو بوارە گرینگەکاندا کاتێ مانا و ناوەرۆکێکی پر بە پێستی خۆی هەیە کە هاوبەشیکردن ـ رەنگە لە رێگای کرێکارانی هەڵبژێردراو یان شۆراکانی خەڵکییەوە بێتە دێ ـ لەو رەوتەدا شوێنێکی گرینگی هەبێت. دەسەڵاتی بریاردان ئەو شتەیە کە خەڵک لە نیزامی سەرمایەداریدا لێی بێبەش کراون. لە دمۆکراسییەکانی سەرمایەداریدا هەر چوار یان پێنج ساڵ جارێک رێگا بە خەڵک دەدرێ پەترۆکە کاغزێک بخەنە ناو سندوقەکانی دەنگدان، یان پاڵ بە دوگمەیەکەوە بنێن، یاخود ئەهرومێک راکێشنە خوار، ئەوجار تا هەڵبژاردنێک تر لەبیر دەکرێن و کەس ئاور لە بەرژەوەندییەکانیان ناداتەوە. هەر بۆیە وازهێنان لە فکرەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی و پێگە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و پێوەندییە فەرهەنگییەکانی هیچ شتێک نیە جگە لە وازهێنان لە فکرەی پێکهێنانی جێنشینێکی راستەقینە. کەوابو دروشمی «جیهانی بیربکەرەوە و ناوچەیی هەڵبسورێ» ، لێک جیاکردنەوەی بێ ناوەرۆک و دەستکردی «کۆمەڵگای مەدەنی» و «دەوڵەت» یان لەبەرامبەر یەکتر دانانیان، هەروەها دروشمی هەوڵسووران لە رێگای «رێکخراوە ناحکومییەکان» بۆ دامەزراندنی گەڵاڵەی «بەبایەخ» دەتوانێ خەڵک بەرەو ئە بیرە لادەرانەیە راکێشێ کە گۆیا کۆمەڵگا بۆخۆی خەریکە بەشێوەیەکی راستەقینە و مەبەستدار دەگۆردرێ. هەموو ئەو هەوڵانەی کە جیا لە خەباتێکی گەورەتر بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی

دەوڵەتی بەڕێوە دەچن، جگە لە چەند چاکەکارییەکی گچکەی لێرە و لەوێ هیچیان پێ ناکرێ. شوێن و سەنگی تێکڕای هەموو ئەمانەش هەرچی بێت بۆ ئەوە نابێت کە بتوانێ گۆڕانکاری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای بەدواوە بێت.

بازنەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی خەڵک دەبێ هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکان لەهەموو ئاستەکانیدا بگرێتەوە. لەم ڕووەوەو کلیلی سازکردنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ، لەجیاتی مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی خێرپێکراوانە ـ هەرچەند ئەو خێرە بەر هەموانیش ناکەوێ ـ ئەوەیە کە دەبێ شان بە شابی خەبات و بەر لە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە دەست پێبکرێ. بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەکاتی ڕێکخستنەوەی جوڵانەوەیەکی سوسیالیستیی جەماوەریی و ڕادیکاڵدا دەتوانێ قایم ببێ. جوڵانەوەیەک کە بەرەو سەقامگیرکردنی جێنشینێکی بەهێز لە بەرامبەر سیستمی کۆمەڵایەتی سەرمایەدا دەڕوات. دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری خەڵک پاش گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە ڕێگای بەشداری چالاکانە و خۆتێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جەماوەر، ئەویش لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری، هەروەها بە پێداگرتن و کەڵەوەکێشی لە گەڵ هێزو بنکەکانی کۆمەڵگای نوێ قایمتر و ڕاوەستاوتر دەبێ. شۆڕاکانی کرێکاری دەتوانن پێکڕا دەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاستی سەرەوەدا کار بکەن و ئەگەریش پێویست بوو بەرێوەبەرانی جێنشین هەڵبژێرن. دەتوانن چالاکانە بە شێوەیەکی دوولایەنە و بەردەوام لەگەڵ بەرێوەبەریی لەسەر ڕەوتی کار، هەلومەرجی کار و بەرنامەکانی داهاتوو بەگەرمی بەشدار بن و هاریکاری یەکتر بکەن. ڕەوتی ئەم ڕووداوانە دەبێ بەرەو ئەوە بچێ کە دەسەڵاتی دەوڵەتی بە خەڵک بسپێرێ، ئەم ڕاگوێزانە دەبێ بەرە بەرە بەڵام شێلگیرانە و بەردەوام بچێتە پێش و دەوری دەوڵەت کەم و کەمتر بکرێتەوە.

ئەم ڕەوتە دەبێ بە بەشداری هەموان و قسە و لێدوانی هەمە لایەنە و ئاڵوگۆڕی بیروڕای گشتی بەرەوپێش بچێ. بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە کە لە جێگەیەکی وەک ئەمریکادا ئەم ڕەوتی دەسەڵاتگرتنەوەی خەڵکی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی، لاتینەکان و هەژارەکان چ مانایەکی هەیە و چۆن بەرێوە دەچێ و



چۆن بەدیی دێت؟ با بڵێین بۆ نمونە لە کاتی تێپەڕبوونی شۆرشگێڕانە بەرەو سوسیالیسم «مەجبوور ئاوایەکی» شار بیهەوێ ببێتە گەرەکێکی ئینسانی کە خانووبەرەی باش، هەوای خاوێن و ئامراز و ئاسانکاری باشیان هەبێ بۆ گوزەران و ژیان، چۆن دەتوانن ئەم کارە ڕاپەڕێنن؟ داخوا دەبێ دەستبەسەر عەرزەکاندا بگرین (مصادرە)؟ باشە ئەگەرت وامانکرد داخوا ئەو خانووانەی کە لە ماوەی روخاندنی خانوە کۆنەکان (کۆلیتەکان) و سازکردنی خانوی تازە چێدەکرێن دەبێ چۆن بن؟ چۆن دەبێ خەڵک تێکەڵ بەم ڕەوتە بکرێن؟ چۆن دەبێ لە تێکڕای ڕەوتی دیاریکردنی چۆنیەتی شوێنی ژیان و رێوشوێن و بەرنامەڕێژی ئەم گەلانەدا چالاکانە بەشدار بکرێن؟

سپاردنی دەسەڵات بە هەژارترین و زۆرلێکراوترین قوربانییەکانی جیاوازی گرینگترین تەنگەژەیە کە دێتە پێش. دەوڵەمەندەکان، خاوەن دەسەڵاتەکان و ئەوانەی کە هەمیشە سەروەت و سامانی فرە و مشەی زۆریان لەبەر دەم هەڵڕژاوە، یان ئەوانەی کە خۆیان لەو پێڕە دەناسن دەمارگیرانە لەو باوەرەدان و دڵیان لێی نابێتەوە کە جیاوازی رەگەزی، جنسی، نەتەوەیی و... هەتاهەتایین و بەشێکی جیانەکراوی کۆمەڵگان. [بەداخەوە ئەم دیدوبۆچونە تەنانەت بەشێکی زۆر لە خودی قوربانیەکانیشی گرتۆتەوە و بەسەر فیکر و تێڕوانینیشیاندا قورسایی دەکات.] زۆرجار گوێ بەو گۆڕانکارییە بناخەییانەش نادرێ کە لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا دێنە پێش و پێوەندی نێوان باڵادەستی دەسەڵاتدار و ژێردەستەی ملکەچ هەر دەمێنێتەوە. بۆ نمونە لە شەستەکان لە ئەنجامی خەباتی جەماوەریی رەش پێستەکان لە پێناو مافە کۆمەڵایەتییەکانیاندا زۆر گۆڕانکاری یاسایی بە قازانجی هەلومەرجی ژیانی رەش پێستەکان لە ئەمریکادا بەدیی هات. بەڵام ئەمرۆ هێشتاش جیاوازی لە دژیان وجودی هەیە، هێشتاش هەلومەرج، ئاسۆ و دۆخی ئابورییان زۆر لە سپیپێستەکان خرابترە. ڕەنگە گەیشتنی کەمایەتییە زوڵم لێکراوەکان بە بەرابەری ڕاستەقینە پێویستی بە «قەرەبووکردنەوە و ئەوپەری یارماتیدان» هەبێ. ڕەنگە یەکێک لە ئامانجەکان ئەوە بێ کە ڕێژەی ئەوان بۆ چوونە ناو خوێندنگاکان، زانستگاکان و بەدەستەوگرتنی کاروپیشەی دەوڵەتی و

بەڕێوەبەریی زیاتر بێت لە  ئاستی ژمارەیان لەچاو تێکڕای دانیشتوانی وڵات، تا هەم برینەکانیان سارێژ بکرێنەوە و هەم توانا و ورەی زیاتریان پێ ببەخشرێ بۆ گەیشتن بە بەرابەری لە گەڵ خەڵکانی دیکە. ناتواندرێ و بە هیچ جۆرناکرێ قسە لە هەموو وردەکاییەکان بکەین چونکا دەبێ ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج لە لایەن خودی ئەو کەسانەوە بدۆزرێتەوە، خۆشبکرێ و بپێورێ کە لە ژێر کۆتونیری جیاوازیدا بوون. ئەوانە دەبێ توانایی ئەوەیان هەبێ کە بتوانن بەرەو ئەو ئاسۆیە بڕۆن کە خۆیان خوازیاری هەن.

## ج . ئامانجە سوسیالیستییەکان و بەرنامەڕێژی

ئەو ئامانجە بنەڕەتییانەی سوسیالیسم کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا پێویستی بێ ئەملاولایان بە بەرنامەڕێژی ناوەندی هەیە. چونکا کۆسپ و ئاستەنگ لەسەر ڕێگای گەیشتنی هاوکات بە هەموو ئەو ئامانجانە هەیە. لەم ڕووەوە دەبێ پێشتر خاڵە هەرە سەرەکی و پێویستەکان بۆ دەسپێکردن دیاری بکرێن. ئەمەش بابەتێکی سیاسییە و دەبێ خەڵک تێیدا بەشدار بن و بیرورایان بە هەند وەربگیردرێ. دەبێ روون بکرێتەوە کە چ شتێک بەرهەم بێت و بۆ چ کەسانێک؟ هەروەها دابینکردنی کەرەسەی خاو، کەلوپەلەکان، مەکینە و هێزی کار بە هاوئاهەنگی و بە پێی پێکهاتنی گشتی لەسەر ئەرکە بەراییەکان بچێتە پێش. دەبێ سازکردن و دەسپێکردنی کارخانەی نوێ و بەرینکردنەوەی کارخانە کۆنەکانیش و بەرهەمهێنان لە گەڵ بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە کارخانە کۆنەکان هاوئاهەنگ بکرێن.

بەرنامەڕێژی ناوەندی بەومانایە نیە کە دەست بۆ هەرشتێک ببەی دەبێ لە ژێر چاوێری و دیدی بەرپرسانی ناوەندیدا بێ. بەرنامەڕێژی ناوەندی لە پێویستی و گرینگی بەرنامەڕێژی ناوچەیی کەم ناکاتەوە. تەنیا ئەوەندەیە کە دەبێ بەرنامەڕێژیی لە ناوچە و مەڵبەندەکان لە گەڵ بەرنامە ناوەندی و سەرانسەرییەکاندا هاوئاهەنگ بکرێن. کاکڵی مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر بێتو تێکڕای خەڵک لە هەموو ئەم ڕەوتەدا چالاکانە بەشدار نەبن هەموو زەحمەتەکان بەفیرۆ دەچن، زۆربەی ئەو خاڵ و مەبەستانەی کە پێشتر



ئاماژەیان پێکرا بەتایبەت خاڵە ستراتیژ و بناخەییەکان و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەکانی بەرنامەڕێژی بەرەو لادان مل دەنێ و کرمۆل دەکرێ و کەڵکی نابەجێی لێوەردەگیردرێ.

بەڕێوەبەرایەتی بوروکرات و خۆبەگەورەزان گەورەترین مەترسییە بۆ سەر بەرنامەڕێژی ناوەندی. تایبەتمەندییەکی ئەو جۆرە بەڕێوەبەرایەتییە ئەوەیە کە زۆر بەقایمی چنگ لە شوێن و پلەی دەسەڵاتداریی خۆیان توند دەکەن و بەئامان و زامان دەستی لێ بەرنادەن و ئامانجەکان لە پێناو بەرژەوەندی تاقی خۆیان پێخوست دەکەن. بەشداری ڕاستەوخۆ و بەردەوامی خەڵک لەهەموو کاروبارەکانی ناو کۆمەڵگا مەرجی سەرەکییە بۆ بەرگرتن و ڕێگەنەدان بە بەڕێوەبەرایەتی میرمەزنی دەسەڵاتخواز.  بەشداری ڕاستەوخۆ و بەردەوامی خەڵکیش بەومانایەیە کە دەبێ دەستیان بە هەموو ڕاستییەکان، لێکدانەوە و ڕێوشوێنە ئالترناتیڤەکان ڕابگا. هەر لەم ڕووەشەوە دەبێ لە پێناو بەرەوپێشبردنی گەشەی ئینسانی و فەرهەنگی کۆمەڵگا دەبێ زۆر زیاتر گوێ بە پەروەردەکردن و بارهێنانی وەچەی پێشتر بدرێ.

ئەگەر بڕیار وایە کە خەڵک دەسەڵاتی چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بێ و بەدانستە لە بڕیارە گرینگەکاندا بەشدار بن. دەبێ دەرفەت و بواری فێربوونی زیاتر لەمەر هەڵسەنگاندنی بەرنامە پێشنیارکراوەکان، کورت یان درێژ ماوەیان لەبەردەمدا هەبێ. ئەو فێرکارانەی کە خەریکی فێرکردنی کرێکاران و کەسانی بەتەمەنن دەبێ خۆیان پێشتر باوەڕیان بەوە هەبێ کە ئەمانە توانایی فێربوونیان هەیە. «هێری مێگداف» لە ساڵی ١٩٧٤ و لەسەردانێکیدا بۆ چین نمونەیەکی دڵخۆشیهێنەری لەم بابەتەوە بە چاوی خۆی بینیوە. ناوبراو لە سەردانی کارخانەکاندا زۆرجار پرسیاری لە کرێکاران دەکرد و وەزعی فێرگەکانی لێدەپرسین،  بۆی دەرکەوت کە ئەمە پرسیارێکی بەجێ بووە. وەزعی یەکێک  لەو کارخانانە بەتایبەت لەم بابەتەوە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەو کارخانەدا ئامێرێکی زۆر پێشکەوتە سازدەکرا کە دەیتوانی بەوردی کار لەسەر کەرەسەی ئاسنەواڵەیی بکات، وەک هەڵکۆڵین یان کەوانەییکردن. لە وڵام بە پرسیار و لێوردبوونەوەکانی هێری مێگداف،

بردویانە بۆ هۆڵێکی گەورەی فێرگە کە ژمارەیەکی زۆر کرێکار بە جلوبەرگی کرێکاریی و قۆڵی هەڵماڵدراو لە ناو دەفتەرەکانیاندا بە گەرمی خەریکی نوسینەوەی وانەکانیان بوون، فێرکاری پۆلەکەش لەسەر تەختەی رەش وانەی مەتەماتیکی پێشکەوتە و کەڵک وەرگرتن لە دیفرانسیاڵی رێژەیی دەوتەوە.

ئێستا کە قسە لەسەر چەمکی بەرنامەرێژی سوسیالیستی بەگشتی دەکەین دەبێ ئەوە بزانین کە لەنێوبردنی بێکاری بۆخۆی پرۆژەیەکی یەکجار قورس و ئەستەمە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەیەکی یەکجار زۆر، رەنگە زیاتر لە نیوەی هێزی کاری ئەو وڵاتە لە سەرەتادا بێکار دەمێننەوە. بەکردەوە هەموو دەڵاڵ و واسیتەکان جگە لەوانەی کە لە دوکانەکاندا کار دەکەن شتێکی زیادەن. ئەگەر ململانێی نێوان بەرهەمهێنەرەکان نەمێنێ ئیتر پێویستیش بە دەڵاڵ و واسیتە نامێنێ. ئەرکی دەڵاڵ ئەوەیە کە کریارەکان لە بەروبوومی بەرهەمهێنەران و خزمەتگوزارییەکان ئاگادار بکاتەوە. بە نامیلکەیەکیش ئەو کارە دەکرێ. هەر وەها بە لاچونی - بازاری بۆرس - بنکەکانی چاوڕاوی بازرگانی - شیرکەتەکانی بیمە - بەشی دەڵاڵی و تەبلیغاتی کارخانە سەنعەتییەکان، ئیتر پێویست بە دامەزراندنی کارگێڕ لەم بەشانەدا ناکات.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە باشە ئەو کەسانەی کە پێشتر ئەو کارە نابەرهەمهێنەرانەیان دەکرد چییان لێ بەسەر دێت؟ کارو پیشەی زۆر بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان لە بوارەکانی پەروەردە و بارهێنان، خزمەتگوزاری پزشکی، باخچەی ساوایان، خزمەتگوزای فەرهەنگی (تیاتر، نووسەری، وەرزش) و هی تر دەخولقێندرێ. هەروەها دەکرێ ماوەی کاری رۆژانە کەم بکرێتەوە و دەشێ ماوەی پشودان پتر بکرێ. بەڵام ئەم کارەش پێویستی بە بەرنامەرێژی ناوەندی و خۆجێیی هەیە. ئەم گرێیە لە وڵاتەکانی دواکەوتە ئاڵۆزتریشە، چونکا ژمارەی بێکارەکان گەلێک زۆرترن. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە دوای گۆرانکارییەکی شۆڕشگێرانە چۆن دەکرێ هەموو ئەم مرۆڤانە بە کارێکی بەسودەوە خەریک بکرێن؟ گومان لەودا نیە کە دەبێ بەشی هەرە زۆری پێداویستییە سەرەتاییەکانی لەمەڕ خواردن، خانوبەرە، فێرکردن،



لەش ساغی، راگرتن و ئاگاداری لە منالان و .... دابین بکرێن. ئەم کارەش پێویستیی بە کرێکارێکی زۆرتر، بۆ سازدانەوە و بەرهەمهێنان هەیە، جوتیارانی بێ زەوی پێویستییان بە زەوییە، وەرزێرەکان بۆ چاندن و ئاژەڵداری کەرەسە و ئامێری پێویستیان گەرەکە. دابینکردنی هەموو ئەم پێداویستییانە و خولقاندنی بواری کار لەپێناو سازکردنی ئابورییەک کە لە خزمەتی خەڵک دایە، پێویستی بە بەرنامەرێژی هەیە.

## د. پێداویستییەکان، ویستەکان و کۆسپەکان

لەسەردەمی تێپەرین بەرەو سوسیالیسمدا دەبێ بە بەردەوامی پێداویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە گەڵ ئەو ئیمکانات و دەرفەتە مادییانەی کە لەبەر دەستدا هەن، هاوئاهەنگ بکرێن. ئەو ئیمکان و دەرفەتانە تەنانەت لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش بەرتەسکن و تا سەر نین. بەشێکی زۆر لە ویستە گشتییەکان بە تەواوی دابین ناکرێن. زۆربەیان لە رێگای هەوڵی بەردەوامی تەبلیغات و چاوڕاوی نیزامی سەرمایەداری خولقێندراون. کەوابوو دەبێ خەڵک بە جۆرێک بگۆڕدرێن کە بتوانن لە ئەنجامی هاوئاهەنگ کردنی ئیمکانات و پێداویستییەکانیش بگەن. پێکهێنانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بەشێکی بەرینی خەڵکدا کارێکی ئاسان نییە. دەبێ کەش و هەوای گۆڕین لە گەڵ مەیلە فەرهەنگییەکان یەک بێتەوە. دەبێ ململانێ جێگای خۆی بدا بە هاوکاری و پێکەوە ژیان. دەبێ ویستی شێوە ژیانێکی دیکە جێگای نەریتی عەودالبوون بوون بەدوای کەلوپەل بگرێتەوە. ئەمانە گۆڕانکارین.. گۆڕانکاری گەورەن، ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن پێک بێن، نامومکین نین.

ئامانجی بناخەیی سوسیالیسم ئەوەیە کە ئاستی ژیانی هەموو مرۆڤایەتی بباتە سەر تا خەڵک بە بێ چەشتنی ئازاری برسییەتی، نەخۆشی و بێ بەشی ژیانێکی ئاسودەیان هەبێ. بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجە. لە ئاستی جیهانییدا. لەوانەیە زۆربەی دەوڵەمەندەکان ناچار ببن واز لە خەون و خەیاڵی ژیانێکی رازاوەی پڕ لە تەخشان و پەخشان بهێنن. ئەو ئارەزووانە تورِ هەلبدەن کە لەلایەن توێژێکی هەرسەرەوەی دەوڵەمەندی تەوەزەل و دنەی چاولێکەری

لەوان هەڵدەخرێندرێ. ئەو دروشمەی کە دەڵێ «سادە بژی هەتا لانی کەم خەڵکانی دیکەش بتوانن بژین» لە کۆمەڵگای سوسیالیستی داهاتوودا گرینگییەکی یەکجار زۆرتر لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری و دەوڵەمەندی ئێستا پەیدا دەکات. کۆمەڵگایەک کە بیەوێ پێداویستییە ئینسانی و بناخەییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە بوارەکانی ـ خواردن، جلوبەرگ، خانوبەرە، فێرکردن و بارهێنان، خزمەتگوزاری پزشکی، سەربەستی لە دەربڕین و حەسانەوەی فیکری و ... ـ بە گوێرەی پێویست دابین بکات، دەبێ ئامانجەکانی خۆشی لە بەرهەمهێنان و بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی ماددی بە شێوەیەک ڕێکبخات و بەڕێوەی ببات کە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لە گەڵ شێوەی سەرمایەداریدا هەبێ. بە قەولی سکات هێلن نێرینگS. H . Nearing «چاک ژیان بەسەربردن» پێویستی بە کۆڵێک کەلوپەل و ئەسبابی ئیزافە نیە بەڵام پێویستە ئاستێکی گونجاوی ئاسودەیی و دڵسوکنایی لەبواری پێدایستییە بناخەییەکانی هەبێ. لە کۆمەڵێکی ئەوادا بەدرێژایی ژیان درگای فێربوون ئاوەڵەیە و بەمجۆرە ژیان ناوەرۆکێکی گەلێک دەوڵەمەندتر پەیدا دەکات، چونکا خەڵک دەرفەتێکی زۆرتریان هەیە بۆ بەشداری کردن لە چالاکییە فەرهەنگی و گشتییەکان و خۆخەریک کردن بەو شتانەی کە دڵیان دەیخوازێ و بۆ هەڵسووڕانی تاکە کەسی خۆیان. جگە لەمەش ئاموشۆی خەڵک لە گەڵ یەکتر دەژییەتەوە، دابڕاوی نامێنێ و هەستی پێکەوە ژیانی هاوبەش و بە کۆمەڵ دەبوژێتەوە کە ئێستا لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا بە هۆی بەرینبوونەوەی شارەکان ئەویش بە شێوەیەکی دەڵب و ئاسارپساوـ بە هۆی جۆری خانووەکان و دوور بوونیان لە یەکتر ـ کز بووە.

بەر لە گواستنەوە بەرەو سوسیالیسم و لە کاتی تێپەڕینیش بەرەو ئەو ڕەوتە، دەبێ بەردەوام و بەگەرمی لەسەر بنەماکانی سوسیالیسم، تەنگوچەڵەمەکانی سەر ڕێگا و هەروەها نیگەرانییەکان قسە بکردرێ. ئەگەرچی لەوانەیە سوسیولیسم لە هەر وڵاتێکدا بەجیا ڕووی سەرکەوتن بەخۆیەوە ببینێ، بەڵام دەبێ هەر بزوتنەوەیەکی بەرەو سوسیالیسم لە روانگەی جیهانییەوە بکەوێتە بەر سەرنج. بۆ وێنە ئەوە شتێکی ڕاستە کە ئەمریکا و



وڵاتانی ناوەندی سەرمایەداری ـ کە سەدا سیی حەشیمەتی جیهان پێک دەهێنن ـ دەراوێکی وای لەبەر دەمدا هەیە کە ژیانێکی ئاسودە بۆ تێکڕای دانیشتوانی کۆمەڵگا دابین بکرێ و کۆمەڵگای سوسیالیستی لەم وڵاتانە دەتوانێ بە کردەوەی دەربێنێ. بەڵام وەزعی وڵاتانی دیکە چی لێدێ؟ چۆن ئەو ژیانە سوسیالیستییە دابین دەکرێ؟ بەشێک لە سەروەت و سامانی وڵاتانی ناوەند لە سێبەری سیستەم و پێوەندییەکانی ئیمپریالیستی خوڵقاون و لە وڵاتانی دەوروبەر دەرکێشراون و ئابووری وڵاتانی جیهانیش لەبەر ڕایەڵەی بازرگانی و سەرمایەدانان پێکەوە گرێ دراون. باشە ئەگەر یەکێک لە وڵاتانی ناوەند بەرەو سوسیالیسم هەنگاوی نا، ئەودەم پێوەندییەکانی پێشوو چۆن دەبێ بگۆڕدرێن؟ گریمانەیەکی گونجاوتر ئەوەیە کە کۆمەڵە وڵاتێک لە ناوچەیەکی تایبەت، وەک بڵێین ئەمریکای لاتین پێکەوە بەرەو سوسیالیسم هەنگاویان نا، ئەودەم چ پێوەندییەک دادەمەزرێ؟

بازرگانی دەرەوە دیسانیش دەورێکی زۆر گرینگی دەبێ. بەشێک لە ناوچەکانی دنیا خاوەنی سەرچاوەیەکن کە لە ناوچەکانی دیکە کەمە یان دەست ناکەوێ. هەندێک لە وڵاتان خاوەنی پیشەسازییەکی ئەوتۆن کە ئەوانی دیکە نییانە. جا بۆیە هەر بەوجۆرەی کە دەبێ بازرگانی و پێوەندی دوولایەنەی نێوان ناوچە شارنشینەکان و گوندەکان لەسەر بنەمایەک دابندرێ، دەبێ بازرگانی دەرەکیش لەسەر بناخە و بنەمایەک دابمەزرێ. باشە ئەم یاسا و بنەمایانە چین و دەبێ چۆن بن؟

داخوا دەبێ لەسەر بناخەکانی مامەڵەگەریی کۆمەڵگاکانی پێشوو دابمەزرێتەوە؟ ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بە وڵاتێکی سوسیالیستی چارەنووسی پێوەندییەکانی لە گەڵ وڵاتان و نەتەوەکانی دنیا چی لێ بەسەر دێت؟ ئایا جارێکی دیکەش کارگێڕەکانی حکومەتی بە سەگ و تفەنگەکانیانەوە لە سنورەکانی مکزیک بەر بە کۆچەرانی مکزیکی و ئەمریکای ناوەندی دەگرن یان پێشوازییان لێدەکەن؟.

ئەگەر پێداویستییەکانی پێوەندیدار بە کەرەسەی پێویست و بەرهەمهێنان لە وڵاتەیەکگرتووەکان، لەو بوارانەیدا کە زانیاری تایبەت لە گۆڕێ دایە

لێکبدەینەوە، دەتوانین و دەکرێ بەراوردی بکەین کە چ کەرەسە و پێداویستییەکمان گەرەکن بۆ ئەوەی کۆمەڵگای پێ دامەزرێنینەوە. ئەو ئیمکاناتە مادییانەی کە پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو خەڵکی وڵات تا ئاستێکی دیاریکراو دەتواندرێ لەگەڵ ئەو شتەی کە لەبەردەستدا هەیە، هەڵسەنگێندرێ، واتە بە پێی ئەوەی کە هەیە چۆن دەتواندرێ پێداویستییەکانی هەموان دابین بکرێ. بۆ نمونە ئەگەر بیست لە سەدەی حەشیمەتی کۆمەڵگا نزمترین ئاستی ژیانیان هەیە (یانی ئەوانەی کە برسیایەتی دەکێشن، یان لە ترس و دڵەڕاوکەی برسیایەتیدان، ئەوانەی کە خانووبەرەی پێویستییان نیە، ئەوانەی کە دەراوی پێویست بۆ خویندن و فێربوونیان لەبەردەمدا نیە و مناڵەکانیان گیرۆدەی نەخۆشین وەکو پەتای ئاسم لە گێتۆی شارەکان) ئەمە پێویستیی بە ئیمکاناتێکی زۆر هەیە تا بکرێ ژیانی ئەو حەشیمەتە بگەیەندرێتە ئاستێکی ئاسایی. داخوا بۆ ئەم کارە بە گوێرەی پێویست پۆڵا، فافۆن و بەروبووم و پێداویستییەکانی دیکەمان لەبەر دەمدان؟

ولام ئەوەیە کە دەبێ هەر بەوجۆرەی کە لە شەری دووهەمی جیهانیدا کرا، بەرهەمهێنانی ماشین و ترۆمبیلی تایبەتی و تاکە کەسی کەم بکەینەوە. ئەمە زۆر ڕێی تێدەچێ، سەرەڕای سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆروزەبەندیش کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە.. جێبەجێکردنی ئەم کارە دەتوانێ بەو مانایە بێ کە لەو ئیمکاناتە مادديیە کەڵک وەربگیردرێ کە ئێستا بەدەست توێژی سەرەوەی دەوڵەمەندی کۆمەڵگایە تا بتواندرێ ژیانێکی ئاسایی بۆ هەژارەکان دابین بێ.

## ه. داهاتووی سوسیالیسم

تەنگوچەڵەمە کۆمەڵایەتی، ئابوری و ژینگەییەکانی ئێستای دنیا کە یەکجار ئاڵۆز و زۆروزەبەندن، لە سروشت و جەوهەری کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە هەڵقوڵاون. کەوابوو سەرمایەداری دەبێ جێگای خۆی بدا بە کۆمەڵگا و ئابوورییەک کە لە خزمەتی مرۆڤ دابێت. کۆمەڵگایەک کە دەرفەتی پێویست بۆ ڕاگرتنی سیستەمی پاراستنی ژیان لەسەر ئەم عەرزە دابین بکات.



ئەو شتانەی کە پێشتر باسم کردن کۆڵەکە سەرەکی و بنەماییەکان و ریزە پێشنیارێک بوون کە دەبێ لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستیدا لەبەرچاو بگیردرێن. ئەزمونەکانی چین و سۆڤیەت نیشانیان داوە کە هەبوون و کۆکردنەوەی خەڵکانی موبیلیزەکراو و دەورە دیتوو کە هەم بیانەوێ و هەم بتوانن ـ دەسەڵات هەڵسوڕێنن ـ سەریان لە بنەماکان و بەرتەسکییەکان دەربچێ ـ نەهێڵن توێژی میرمەزن پەلوپۆ بهاوێژن، کارێکی ئاسان نییە. بەڵام هیچ چارێکی دیکەش لە گۆڕیدا نیە. دەبێ فێری ببین. ئەگەر بمانەوێ هیوایەکمان بە چاککردنی بارودۆخی ئاپۆڕەیەکی زۆروزەبەندی خەڵکی دنیا هەبێ کە هیوابڕاوانە لە ژێر دژوارترین هەلومەرجدان، ئەگەر دەمانەوێ سەر عەرز ببێتە شوێنێکی ژیانی شیاوی ئینسانی و بیپارێزین دەبێ ئەم کارە بکەین، دەبێ فێر بین کە چۆن ڕێبواری ئەو ڕێگایە بین و چۆن هەڵیسوڕێنین. ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە زۆر گرینگە، نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکو بۆ هەموو زیندەوەرەکانی دیکەش کە لەسەر ئەم عەرزە هاوبەشی ژیانی ئێمەن و داهاتوویان بە داهاتووی ئێمەوە بەستراوەتەوە.

تەواو

۲۰۰٦ - ۰۲- ۱۹

سەعات ۱۲و ۲۵ دەقیقەی شەو